# با 9ي حوزةيرانمان لةياد نةضمت ... مستةفا ضوارتايي

لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی 1963 دا، رژێمی عێراق، هێزی سەربازی پیادە و زریپۆشی زیاتری بەرەو کوردستان بزواند. هێزەکانی رژێم لە هەموو رەوەشتێکی سەربازیی و مرۆڤانە و ئاینیی، داماڵدرابوون، بە جۆرێ فێرکرابوون کە ئەوان هێرش بۆ دوژمنی عروبە دەبەن و سەر بۆ سەرانی دەوڵەت و ماڵ و دەستکەوتیش بۆ سەربازەکان دەبێت. شکستهێنانیان لە بەرەکانی پێشمەرگەدا شێت و هاری کردبوون، زیاتر لە هەموو ئەو شارانەی کە گرتن و پشکنینی تێدا ئەنجام دەدرا، سلێمانی زیانی گیانی و ماڵی، زیاتر بوو. ئێمە هەر چۆنێک باسی لێوە بکەین و بۆ ئەو رۆژگارە بنووسین، هەرگیز ناتوانین وەک "ناڵەی دەروون"ی شێخ محەمەدی خاڵ، "بەشی سێیەم"، گوزارشی لێ بکەین. شێخ محەمەدی خاڵ دەڵێت: رۆژی 9 ـ6ـ 1963 تا رۆژی 13 ـ 6ـ 1963، لە سەعات چواری بەیانییەوە لە هەموو شاری سلێمانی و کەرکوک و هەولێردا هاتنە دەرەوە قەدەغە کرا، تەلەفۆن لە هەموو ماڵێک برِا، کەس ئاگای لەکەس نەما و هەموو کەس دەرگای لە خۆی خاکرێز کرد وەک مەلێکی پەل و باڵ شکاو خۆیی و ماڵ و مناڵی تررووشکەیان کرد. ئەژنۆیان نا بە سنگیانەوە، چاوەروانیان ئەکرد بزانن چ بەڵایەک یەخەگیریان ئەبێ، یا چ خەموخەفەتێکی تازە بەتازە ئەبێ بە میوانیان.

شاری سلێمانی چل و یەک سەعات لەسەر یەک بوو بە شاری خامۆشان، جارێ واز لەوە بێنە کە لەسەد ماڵ حەفتاوپێنجی نەنان و نە ئارد و نەدانەوێڵە لەماڵیا نەبوو، وە ئەوەی بەرِۆژ پەیدای نەکردایە و لەبازارِا نەی کرِیایە نەیبوو بیخوات. لە هەموو لایەکیشەوە تەقە دەستی پێ کرد، دەمێ گرمەی تۆپ دەمێ تەقەی تفەنگ دەمێ قرمەی شەستیر، وە لەپەنجالاوە سەرباز و ئەفسەر بڵاو بوونەوە. ماڵ بەماڵ دەستیان کرد بە پشکنین بۆ چەک و بۆ زەلام، لەبەر هەر ماڵێک سێ چوار لۆری سەرباز و ئەفسەر دائەبەزین بەشەستییر و تۆمیگەنەوە دەپانزەیەکیان ئەچوونە ژوورەوە و ئەوانیکەی تر دەوری خانۆکەیان ئەدا لەکۆڵان و سەربانەوە. ئەوانەی کە ئەچوونە ژوورەوە ئەگەر زۆر زوو دەرگایان لی نەکردنیایەتەوە دەستریژیان لێ ئەکردن، وە بەم بۆنەیەوە بگرە تاپێنج سەد کەس کوژرا (1) . لەپاشا دەستیان ئەکرد بەماڵ پشکنین وە داریان بەسەر بەردەوە نەئەهێشت، تەنانەت جل و بەرگی ژنانیان هەڵ ئەتەکان و دەستیان ئەکرد بەکووپە گۆزەدا و هەرچیەکیان بەردەست بکەوتایە لەپار ە و زێرِ و شتی بەنرخ بەدزی و بەئاشکرا ئەیان برد. هەموو سەربازێک دەپانزە ئەموستیلەی ئاڵتونی ژنانەی لەپەنجەدا بوو، وە باخەڵی پرِ بوو لەبەستەدینار، ئەمانە هەمووی لەگەڵ جنێودان و توورِە بوون و قسەی ناشیرین وتنا. ئنجا لەم پشکنینەدا هەر پیاوێکی گەورە یا خوێندەوارێکی کاربەدەست یا گەنجێکی زۆر بەهێز کە لەوانە بێ دەست بداتە چەک ئەیانگرت، خۆ ئەگەر چەکیان بدیایە ئەوە هەر باسی سەر بوو. گەرِەکەکانی قەراغ شاری سلێمانی درایە بەرتۆپ و دانیشتووانی دایانە دەشتەکە. خۆلاسە لەرِۆژی یەکەم و دووەما سێ چوار هەزار کەس گیبران بەهەموو حاکمەکان و دکتۆرەکان و سەرۆکی دائرەکان و مامۆستاکانەوە، وە بەپێی پەتی و بێجامەوە راپێچیان کردن. وە هەرچی تاوڵەو تەویلەی عەسکەریی بوو پرِکرا لەمانە. تاوڵەیەک کە جێی چل ئێستر بووبێ، شەش سەد کەسی تێ خزێنراوبوو، پێنج شەش هەزار کەسیش لەترسانا

هەڵاتبوون. ڕۆژی سێیەم کە چەند سەعاتێک ڕێگا کرایەوە و خەڵق لە برسانا هاتنە دەرەوە، لەسەر شەقامەکان هەرچیەکت ئەدی یا مناڵ یا پیرەمێرد یا پیرێژن بوو. لەمانە لەهەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو کە سەرباز و ئەفسەر لەو دوو سێ ڕۆژەدا بازاڕیشیان تاڵان کرد و هەرچی کۆگا و دوکانی زەڕەنگەر و پارەدار و کوتاڵ و زەخیرە بوو وەک لەوەپێش دەستنیشان کرابن هەموویان شکاندبو، وە بە لۆری عەسکەریی گوێزرابوونەوە. لەمەش ناخۆشتر ئەم سێ چوار هەزار کەسە کە گیرابوون خواردنیان نەدانێ، ناچار دەنکە جۆی ناو تەرسی ئێسترەکانیان ئەخوارد کە دۆشەک و ژێر خەریان بووە. وە دووسەد گەنجێکی مناڵ کاریان لە ڕۆژی سێیەمدا لەبرسانا بووردنەوە، وە بەو ڕەنگە دە پانزە سەعات مانەوە.
ئەم سێ چوار هەزار کەسە لەسەر ئەرزێکی ڕەق و تەق لێی کەوتن، ئەوی ناو ئاخوڕێکی دەست بکەوتایە ئەوا لە هەموو لایەکەوە بەچاوەوە ئەکرا، تا هەموو میزیان بوو ب خوێن و تووشی زەحیریی بوون، لەگەلڕ ئەوەشدا لەگەلێکیشیان دان. بەڵام لەمانە لە هەمووی ناخۆشتر و ناڕەواتر ئەوەبوو کە لەپاش دوو مانگ بەردانیان دەرکەوت کە (86) کەسیان لی کوژرابوو، بەبێ ئەوەی کەسوکاریان بیان بینن یا بزانن چۆن کوژراون و چییان لێ کراوە، بەڵام ئەوەندە زانرابوو کە زەلامی کوژراوی زۆر فرێ درابوونە ناو شییوەڵۆکەکانی لای حامیەوە و سەگ ئەیخواردن. تەنانەت سێ چوار لادێیی لەخوار شاری سلێمانییەوە چاویان بەپەلی زەلامێک کەوتبوو بەدەم سەگێکەوە هێشتا سەعاتەکەی لەدەستا مابوو.
سەیر لەوەدا بوو کەس نەی ئەوێرا قسەبکات، یا بڵێ ئەمەندە و ئەوەندەم براوە، یا دوکانەکەم تاڵان کراوە، یا کوڕم یا برام کوژراوە، یا یەکێک سکاڵانامەیەک بۆ کەسێکی گییراوی خۆی بدا، یا بوێرێ خواردەمەنییەکیان بۆ ببات. وەک ڕۆژی (قیامەت) ی لی هاتبوو کەس سەر کەسی نەئەپرژا.
ڕۆژی **1963/7/4** سێ سەد کەسیان لی بەردان. کەهاتنە دەرێ هەموو کەسوکار و خزم و خوێشیان لەسەر رێیان وێستابوون، کەچی کەس کەسی خۆی نەئەناسییەوە، چونکە هەموو ژاکاو و تێقوپا و چڵکن و کوڵکن و دەست و پێ کرپێشاوی و سەرو ڕیش هاتوو. ئەوی بێجامەی سپی لەبەردابوو بێجامەکەی وەک دەواری لێ هاتبوو، سا مەگەر ئەوان کەسوکاریان بانگ بکردایە. لەپاش ئەوەی یەکتریيان ناسیەوە بوو بەگریانو شیینو شەپۆڕ بەڕەنگێکی وا هەرچی چاوی پێیان ئەکەوت دەستی ئەکرد بەگریان. ئەو سلێمانییە خۆشە بوو بوو بەدۆزەخ. لەگەڵ لەدەرگا ئەدرا موچرکێک بەتەپڵی سەرتا ئەهات لەکەڵەموستی پێتەوە دەرئەچوو، دلڕ ئەکەوتە تەپە تەپو گورپە گورپ، وەهەرچی لەماڵ بوو خێرا هەموو ئەچوون بەدەنگ دەرگاکەوە، تاهەموو زوو بزانن کێ بوو هات. خۆ شاخەو شریخەی تۆپیش کەناو بەناو بەسەر ماڵنا ئەتەقێنرا زۆر ژنی سکپڕی بەراویتە کرد و مناڵی نەخۆش خست لەترساناو زۆر کەس شێتو کەلەیی بوو، وە هەرچی نەخۆشی دڵی بوو لەو چەند رۆژەدا هەمووی مردنو بەجێیان هێشتین.
نازانم قەت یادی بەهەشتت کردووە کەلەهەموو لایەکەوە باخو باخاتو دارو درەختو سێبەرو ئاوو هەموو جۆرە میوەو خواردەمەنییەکی پاکو تەمییز، لەگەلڕ کەیفو خۆشیو پێکەنینو ئازادیو دڵنیاییو کامەرانی. لەپڕ پڕبێ لەزەبانییەی دۆزەخو بەزۆر داگیری بکەنو سێبەرەکەی بکەن بەهەتاوی سوورو ئاوی بەگەڕاوو دڵنیایەکەی بەترسو بیمو خۆشییەکەی بەناخۆشیو رابواردنەکەی بەتەنهاییو گۆشەگیرییو بێ وەیییەکەی بەجەنگو ئاژاوەو نازو نیعمەتەکەی بەگرانی و قاتوقڕ. شارەکەی سلێمانی کە جاران چوار وەرزە پڕ بوو لەمیوە وای لێ هاتبوو دەم

تەڕکەرەی تیا نەمابوو، یەک دەنک بامچ یاتەماتە یاسێ و یا هەڵووژە یاترۆزی یا خەیار یاهەر میوەیەکیتر بەهیچ جۆرێک دەست نەئەکەوت. ناچار لەجیاتی هەموو جۆرە میوەیەک هەر کەوەرو کەرەوز ئەخورا، تا تەندروستی بەتەواوی نەڕووخێ.
لەچواردەی رەمەزانی 1963وە زۆر بەنامەردانە دەستیان دایە یەخەمان. هیچ کوردێک کەلەماڵ چۆتە دەرەوە بەتەمای خۆی نەبووە تا هاتۆتە ماڵەوە، چونکە حەرەسێکی قەومی زۆر بەئاسانی ئەیتوانی بیکوژێ و بڵێ تفەنگەکەم لەدەست دەرچووە، هەر وەک بەم رەنگە زۆر کەسیان کوشت بەبێ تاوان. هەموو کوردستان پڕ بوو بوو لەدز بەناوی سەربازەوە، لەگورگی هار بەناوی ئەفسەرەوە. قەت بووە وەرتەی کاشان و کرمانی سێ هەزار دیناریی بکڕن کەچی دە دینار بدەن بەخاوەنەکەی، خۆ ئەگەر قسەشی بکردایە ئەیانگرتو لەبەندیخانە توندیان ئەکردو دەستیان ئەکرد بەلێدانو ئازاردانی تادوو سەد سێ سەد دیناری تریشیان لی ئەسەند ئینجا بەریان ئەدا، هەروەک هەزاران فەردە کووتاڵ و شەکرو سندوقە چایان داگیرکرد. دوو سێ هەزار دێ لەکوردستانا وێرانو تاڵان کرا. تەنانەت مریشکو کەڵەشێرو قەلەکانیشیان بەلۆری ئەهێنایەوەو بەشەو لەنادی مووسڵ و هەولێرو کەرکوکو سلێمانی دا ئەکرا بەمەزەو ئەخورا. دانیشتوانەکەشیان ئەوی کوژرا کوژراو ئەوی لەبرسانا مرد ئەوا مردو ئەوی دەریش چوو بڵاوبوونەوە بەهەموو وڵاتا بەسواڵکەری، لەزستانا بەڕووتیو بەسکی برسی، شەو لەکۆڵانەکاندا خۆیان حەشار ئەدا.
رووس بەڕووسی خۆیەوە لەجەنگی یەکەمی جیهاندا هاتنە پێنجوین دەستیان لەیەکێک نەداو دەستیان بۆ پەڕە جگەرەیەک درێژ نەکرد، بەڵام ئەمان شاری پێنجوین یان بەتۆپو بۆمبا سووتاندو تەختیان کرد کەهەزارو دوو سەد ماڵ بوو، وە دوانزە مزگەوتو هەزارو دووسەدو پەنجا قورئانی تیابوو. لەپێشەوە هەرچی لەشارەکەدا بوو لەکوتاڵ و شەکرو چاو دەغڵ و ناو ماڵ، لەگەڵ قاڵیی و لاکێشی مزگەوتەکان تاڵانیان کرد و، بە لۆری عەسکەریی ناردیانەوە بۆ بەرە و خوار، ئینجا تەختیان کرد. دەک خوابتان کا بەقوربانی جوولەکەکان، کاتێک کەکوردستانیان بەجێ هێشت، فەرشو بەرماڵی کەنشتەکانیان نەبرد لەگەڵ خۆیاندا، وەلەشوێنی خۆی بەجێیان هێشت چونکە بەماڵی خانەی خوایان ئەزانی.
پێم باوەڕ بکە (بەگەورەیی خوا) کەوتەی چواردە ئەبیەم موچڕکم پیادێ، من وائەزانم ئەمە هەزاران ساڵە مەردوم بەهەڵەدا چوون کەژمارەی سیانزەیان بەنەحس زانیوە، چونکە لەچواردەی تەموزو رەمەزانەوە دەرکەوت کەهەر نەحسی چواردەیە یەخەگیری سیانزەش بووە. دەک هەرچی چواردە هەیە لەجیهاندا خوا بیکات بەقوربانی تاقە سیانزەیەک. )
ئەمە جوانترین وەسفێک بوو، کە نووسەری بە تونا و هەڵکەوتوو شێخ محەمەدی خاڵ، کردوویەتی. فیلمێکمان نیشان دەدات کە هەمووی راستەقینەیە و خۆ نواندنی تێدا نییە، دڕندەیی رەگەزپەرستانی جەهالەتی عەرەب و پەروەردەبوانی خوێندنگای عەفلەق دەردەخات.
سەری هەرە گەورەی رژێم عەبدولسەلام عارف کە لە راستیدا "عەبدولحەرب"بوو، بەوەش نەدەوەستا و لە هەوڵی کڕینی تێزابدا بوو بۆ سووتاندن و لەناوبردنی گەلی کورد، زۆری نەبرد، فڕۆکەکەی کەوتە خوارەوە و خۆی بوو بە زوخاڵ.
لەگەڵ رووخان و گۆڕانی هەر رژێمێکدا، کورد دڵخۆش دەبوو، بەڵام هەر کێ دەهات، لەوی دی خراپتر و بەد رەفتار تر بوو، بینیمان دوای رووخانی رژێمەکەی "عارف"یش، رژێمی بەعس بە هەمان تیۆری نامەردانە و دڕندەیی، لە قەڵاچۆکردنی گەلی کورددا بەردەوام بوو، بۆسەرچوونی

تاوانەکانی مانگی حوزەیران، ڕێی بۆ سەدان تاوانی دیکە خۆش کرد. کورد بە سرووشتی خۆی خوازیاری تۆڵە کردنەوەیە، کەسێکی لێ دەکوژرێ، دوای 20ساڵیش بێت تۆڵەی دەکاتەوە، ئەوەی جێی داخ و تێڕامانە سەرکردەی ئەو ئۆپەراسیۆنە "زەعیم سەدیق" وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو، لەناو ئەو هەموو ڕووداو و ئینقلاب و هەرا و هوریایەدا، کەسێک بەدوایدا نەچوو، بە سزای "گەل و شۆڕسی" بگەیەنێ".